# مێژووی قەیرانە ئابووریەکانی سۆڤیەت

ئەنوەر نەجمەدین

بە زمانی عەرەبی لە (الحوار المتمدن)، 6 – 3 – 2012 بڵاوم کردۆتەوە.

## پرسیاری لێکۆڵینەوەکەمان:

مەرجی یەکەمی قەیرانە ئابووریەکان، بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. ناکۆکی نێو بەرهەمهێنان لە لایەک و بەرهەمهێنان و بەکاربردنیش لە لایەکی ترەوە، سەرهەڵنادات، لەسەر بنەمای ئەو بەرهەمهێنانە سەرمایەداریە نەبێت. بۆیە هەر لە ڕێگای قەیرانە ئابووریەکانیەوە، بە ئاسانی لە سروشتی بەرهەمهێنانی سۆڤێتی تێدەگەین.

خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئابووریی سەرمایەداریی، ناجێگیر بوونیەتی، ئابووریی سەرمایەداریی هەر دەبێت بە سست بوون و گەشانەوەو تێکچوونی پارسەنگدا تێبپەڕێت. پرسیارەکەی ئێمەیش ئەمەیە: ئایا ئابووریی سۆڤێتییش، ئەو خەسڵەتەی هەبوو؟

لەم لێکۆڵینەوە ئابووریەوە کە هیچ نیە سەرەتایەک نەبیت بۆ مێژووی قەیرانە ئابووریەکانی سۆڤیەت، دەگەینە ئەوەی، ئابووریی سۆڤێتی وەک هەر ئابووریەکی تری سەرمایەداریی لە جیهاندا، بە درێژایی مێژووی، تووشی قەیرانی ئابووریی گەورە هاتووە کە بەدەوری خۆی، کاریگەریی لەسەر ئابووریی هەموو وڵاتانی "ئەنجوومەنی هاوکاریی ئابووریی" جێهێشتووە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو قەیرانانە، لە زنجیرەیەکی مێژووییدا کورت بکەینەوە کە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی سۆڤێتیەوە دەست پێدەکات.

## قەیرانی یەکەم: ١٩٢١-١٩٢٣

گۆڕینی فۆرمی قەیسەریی دەوڵەت بە فۆرمی سۆڤێتی دەوڵەت، هیچی لە سروشتی ئابووریی یەکێتی سۆڤیەتی جاران نەگۆڕی. ئابووریی مۆنۆپۆلیی سۆڤێتی، هەرگیز ناهاوسەنگی و قەیرانی ئابووریی لێنەبڕا، ئیتر ئەمە بە درێژایی سەردەمی دەولەتی سۆڤیتی، واتە لە ٧٠ ساڵی حوکمداریتی بەلشەفیستەکاندا. کارەساتە ترسناکەکانی یەکەم، هەر لە سەردەمی لینینەوە دەست پێدەکەن. وە بەلشەفیستەکان، هەرگیز نەیانتوانی بەسەر ئەو قەیرانە ئابووریانەدا سەرکەون کە جەنگی جیهانیی یەکەم بۆ ڕوسیای جێهێشتبوو. پێکاکێشانە ئابووریەکان، تێکچوونی پارسەنگ، وە سست بوون هەر بەردەوام بوو تا کۆتایی حوکمڕانیتی بەلشەفیستەکان لە رووسیادا. سیاسەتە ئابووریەکەی لینین -نیپ- وە ئیدارە زانستیەکەی سۆڤیەت، واتە ئیدارەی تایلۆری لە کاردا، هیچی پێشکەش بە کۆمەڵگای سۆڤێتی نەکرد، یەکەمین داکەوتنی برسێتی نەبێت. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٣ دا، بە ملیۆنان کەس دەمرن لەبرسا لە سایەی ئابووریی سۆڤێتیدا*. وە یەکەمین کەسێک کە هاواری لە جیهان کرد کۆمەک بە سۆڤیەت بگەیەنن، نووسەرە ناسراوەکی ڕووسیا، مەکسیم گۆرکی بوو. خاچی سوور بەدەم ئەو بانگەوازەوە چوو، وە لە هەوڵێکی بێهودەدا، ملیۆنان مرۆڤ، لە سایەی کۆماری سۆشیالیستیی سۆڤیەتدا، مردن لە برسا، ئیتر ئەمە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە کە بووە مایەی کۆچ کردنی هەزاران کەس لە لادێکانەوە بۆ گەڕان بەدوای خواردندا**.

بەڵام هەوڵە بێهودەکانی لینین بۆ ڕزگار کردنی ئەو ملیۆنان کەسە، هیچ نەبوو ڕازی بوون نەبێت بە فریاگوزاریەکەی ئەمریکاو ئەورووپاو پێشکەش کردنی چارەسەرێکی ئازارشکێن لە ڕێگای هەندێ

ڕیفۆرمەوە کە بە ناوبراو بە کۆمۆنیزمی جەنگ و دابەزینی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و دابەزینی نرخی ڕۆبڵی ڕووسی بۆ ئاستی کاغەزێکی بێ بەهاو دروستکردنی نەختی کاغەزی کۆتایی هات، ئەمانەیش دەربڕی مایەپووچ بوونی دارایی و گرانی و یاخی بوونی جووتیاران بوو دژی پێدان بەو کاغەزەی هیچ بەهایەکی نەبوو بەرامبەر بە حاسڵاتەکانیان وە سەرهەڵدانی خۆپیشاندانە کرێکاریەکان لە ناوەندە پیشەسازیەکانی شارەکانداو ڕاپەڕینی جووتیاران لەسەر هەر زەویەک کە برسێتی تێدەکەوت. لینین خۆی لەو بارەیەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

"ڕوسیا کارەساتێک هەڕەشەی لێدەکات کە هیچ چارەیەکی نیە ... ئەو کارەساتە بێ وێنەیەو برسێتی، هەڕەشەیەکی حەتمی دەکەن. پێشتریش بە بەردەوامی، ڕۆژنامەکان باسی ئەمەیان کردووە"، "وە وەک ئەزموونی ٦ ی ئایار نیشانیدا، هیچ گفتێک بە ڕیفۆرم و هیچ هەوڵێکیش بۆ وەدی هێنانی ڕیفۆرم، سوودێکی نیە. ئەمە لەکاتێکا برسێتی سەرباری ئەم کارەساتەی کە لەوەوبەر لە وێنەی نەبیستراوە، هەڕەشە لە هەموو وولات دەکات لە هەفتەیەک بۆ هەفتەیەکی تر"***

## قەیرانی دووهەم: ١٩٣١-١٩٣٣

ئەو کەسادە ئابووریە مەزنەی لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەست پێدەکات بەر لەو دەیەیەی دەکەوێتە بەر لە قەسابخانەکەی جەنگی جیهانی دووهەم، بەشێوەی جیاواز دابەش بوو بەسەر ناوچەکانی جیهاندا. لەزۆر وولاتدا، دەردەکە لە ساڵی ١٩٣٠ەوە دەست پێدەکات، وە بەردەوام دەبێت هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٤٠. ئەمەیش تا ئێستا، درێژترین قەیرانی جیهانی و بڵاوترینیان و بەهێزترینیان بووە کە بەسەر مێژووی کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا تێپەڕی بێت، ئەمە بەتایبەت لە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا.

سروشتی سایکڵە ئابووریەکان ئەوەیە کە بە هەموو دەمارێکی بازرگانی جیهانیدا گوزەر دەکات. لەبەر ئەوە، گەشەی ناهاوسەنگی و قەیران لە ئابووریی وولاتە جیاوازەکاندا، بەتایبەت وولاتە پیشەسازیەکانیان، هەر دەبێتە هۆی گواستنەوەی ئەو پەتایە بۆ وولاتانی تر. واتە خواربوونەوەی ئابووریی سۆڤیتی و برسێتیە گەورەکەی سۆڤیەت لە سیەکانی سەدەی ڕابووردوودا (١٩٣١-١٩٣٣)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئابووریی سەرمایەداریی جیهانیی پێدا تێدەپەڕی. ئەمە ئەگەرچی چەند مێژوونووسێک، ئەو برسێتیەی سۆڤیەت کە ناوچەکانی ئۆکرانیاو بیلاڕوسیای باشووری و ناوچەی ڕووباری ڤۆڵگاو کازاخستان و باکووری قەوقاز و سیبریاو هتد، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی گوایە ئەمە لە دەسەڵاتی سۆڤێتی خۆیەوە دروستکراوە، بەشێکی تریان دەڵێن هۆی گۆڕانکاریە پیشەسازیەکانی سەردەمی بە پیشەساکردنی سۆڤیەت و پێشخستنی پیشەسازیی جەنگە، بەشێکی تریشیان دەڵێن هۆکاری برسێتیەکەی سۆڤیەت سروشتیەو لە ووشکە ساڵیەوە هاتووە. بەڵام باسەکە لێرەدا هاوپەیوەستە بە ئابووریەکەوە کە نابێت هەرگیز تووشی قەیران ببێت، هۆکارەکەی هەرچی بێت، ئەمە ئەگەر ئەو ئابووریە سەرمایەداریی نەبێت، لە ئابووریەکی سۆشیالیستیدا، برسێتی و قەیران ڕوونادات، ئیتر هەر فاکتەرێک بێت: پیشەسازی، کشتوکاڵی، یان ووشکەساڵی.

## قەیرانی سێهەم: ١٩٥٤

لە سپتامبری ساڵی ١٩٥٤ دا، دەوڵەتی سۆڤیتی بە فەرمی، دان بە دابەزینی ئاستی تەواوی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پشتگوێ خستنی لقە کشتوکاڵیە گرنگەکان و کەموکوڕیی لە بەخێوکردنی ئاژەڵدا دەنێت؛

بەجۆرێک کە ئەمانە سەرلەنوێ، بوونەتە هۆی نارێکی لە پیشەسازیشداو دواکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت لە پیشەسازیی بەرهەمهێن و خۆراکدا بەتایبەت، ئەمەیش ئەو گرفتە بوو کە سۆڤیەت، بەدرێژایی مێژووی پێی چارەسەر نەکرا.

## قەیرانی چوارهەم: حەفتاکان

لە نیوەی دووهەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردووەوە، ئابووریی جیهانی، یەکەمین چوونەوەیەکی فراوان بەخۆیەوە دەبینێت دوای جەنگی جیهانی دووهەم. وە هەتا کۆتایی حەفتاکان، ئابووریی سۆڤیەتیش، دەچێتە نێو ئەو سست بوونە ڕێکوپێکەوە.

دوای جەنگی جیهانی دووهەم، کاری بەرهەمهێن، لە مامناوەندیە ساڵانەکەیدا، بەرێژەی ٣% دەچێتە سەرەوە لە تەواوی بازاڕی هاوکاریی سۆڤیتیدا (مجلس التعاضد الاقتصادي). بەڵام لەنێوان ١٩٧٤-١٩٩١ دا، بەرهەمێنان بە ڕێژەی ١% دەست دەکات بە دابەزین لەو وولاتانەدا. بەرامبەر بەم حاڵەتەی ئەنجوومەنی هاوکاران، بەرهەمهێنانی خۆرئاوایی و ئەمریکی، دەست بە بووژانەوە دەکات، ئەمەیش بەهۆی پێشکەوتنی کۆمپیوتەرو تۆڕی کۆمپیوتەری و کاریگەریی لەسەر سایکڵە ئابووریەکان لە بازاڕی جیهانیداو ڕێگای نوێی ئیداری و فرۆشتن و خستنەبازڕو گواستنەوەی کاڵاو بزووتنەوەی پارە لەو بازاڕەدا. ئەمە هەروەک چۆن لە بازاڕی جیهانیدا، ڕکابەری تر دەرکەوتن، وەک یابان و ئەڵمانیاو چین لە ڕووی وولاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتدا، ئەمەیش بووە هۆی چوونەوەیەکی پێگەی یەکێتی سۆڤیەت لە بازاڕی جیهانیدا بەرامبەر بەو ڕکابەرانەی و چوونە نێو قۆناغێک لە سست بوون؛ ئەمە لەگەڵ هەر سست بوونێکدا کە تووشی بەرهەمهێنانی ئەمریکی و ئەوروپی و ئاسیاوی دەبوو لە نێوان هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا.

## قەیرانی پێنجهەم: ساڵانی هەشتاکان

بەرامبەر بەو گەشە نوێیەی ئابووری مۆدێرن لە خۆرئاواو ئەمریکاو یابان و چیندا، ئابووریی سۆڤیتی، دەستی بە چوونەوەیەک کرد، قەرز، کورتهێنانی بودجە، جەنگی سۆڤیەتی-ئەفگانی (١٩٧٩-١٩٨٩)، دواکەوتنی تەواو لە خزمەتگوزاریەکان و کاڵا پێویستیەکانی بژێوی ڕۆژانەو دواکەوتنی پیشەسازی، وە خراپیی پیشەسازیە قورسەکان و گەشەی تاک لایەنەو دواکەوتنی کشتوکاڵ سەرباری ڕووبەرێکی فراوان بۆ وەبەرهێنان***، تێکچوونی پارسەنگی بازرگانی، دابەزینی بەهای ڕۆبڵ بەرامبەر بە دراوی ئەوروپی و ئەمریکی و یابانی و چینی، ئابووریی ئیمپراتۆریی سۆڤیەتی بە تەواوی ئیفلیج کرد لە بازاڕی جیهانیدا بەرامبەر بە ڕکابەرەکانی کۆن و نوێی، ئەمەیش هەرەسی ئەو ئابووریە مۆنۆپۆلیەی خێراتر کرد کە نەیدەتوانی لە بەرامبەر ڕاکبەرەکانیدا، لە بازاڕێکدا خۆی بگرێت کە هێزە پیشەسازیە گەورەکانی وەک ئەمریکاو یابان و چین، دەیان برد بەڕێوە

## پوختە:

سست بوونی ئابووریی سۆڤیتی لە ساڵی ١٩٧٠ دا، بووە مایەی داگرتنی پێگەی سۆڤیەت لە جیهاندا، وە ئەمریکا بووە یەکەم دابینکاری دانەوێڵە لە بازاڕی جیهانیدا، سۆڤیەت تا ئاستێکی فراوان، گەرایە دواوە لە دابین کردنی دانەوێڵەو چەکە سووکەکان بۆ بازاڕ، وەک کلاشینکۆف، وە لە نەوتیشدا بە تایبەتی، وولاتانی

تر بوونە ڕکابەری سۆڤیەت. وە ڕێکەوت نەبوو کە لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە تا ساڵی ١٩٩٢، بەرهەمهێنانی نەوتی سۆڤێتی بە ڕێژەی ٣٠% دابەزی، ئەمەیش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی تێچوونی بەرهەمهێنان لە بەرامبەر بەرهەمهێنانی نەوت و خستنە بازاڕیدا لە جیهاندا بە نرخێکی هەرزان، ئەمەشیان ئەو هۆکارە بوو کە ئابووریی سۆڤیەتی خستە سست بوونێکی فراوانەوە. وە ئیتر سۆڤیەت ناچار بوو دەست بکات بە بەکارهێنانی ڕێسێرڤەکانی لە ئاڵتوون و دەستخستنی قەرز لە خۆرئاوا بۆ دابین کردنی کاڵای بژێوی. ئەمە سەرباری خراپ بوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسی لە وڵاتانی کۆمەکی ئابووریدا. ئەمەیش هەڵوەساندنەوەی ئابووریی مۆنۆپۆلی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی خێراتر کرد، وە زۆر لە وڵاتانی پاشکۆ بە سۆڤیەت، دوای چەندان لە سەدە لە پاشکۆیەتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا، کاتێک خۆرئاوا بە دەست قەیرانە ئابووریەکانیەوە دەیناڵاند بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە، سۆڤیەت بەشێوەیەکی وەختی، کەوتە دەرەوەی ئەو بازنەیە بەهۆی سامانە نەوتیەکەیەوە. بەڵام هەتا ساڵی ١٩٨٩، سۆڤیەتیش ڕووبەڕووی هەمان ئەو قەیرانە ئابووریە بووەوە کە خۆرئاوا ڕووبەڕووی بووبووەوە، ئەمەیش دووبارە کاریگەریەکی گەورەتری لەسەر ئابووریی وڵاتانی ئەنجوومەنی کۆمەککاران جێهێشت بەگشتی، سۆڤیەت گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت بوو بۆ ئەو وڵاتانەیش. بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوتی سۆڤێتیەوە، ئابووریی ئەو وڵاتانە جێگیر بوو لە کاتی ئەو قەیرانەدا کە ڕووی کردبووە هەموو جیهان لە ١٩٧٠، ١٩٧٣، ١٩٧٥. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ دا، ئابووریی پۆڵەندی، بۆ یەکەمجار، چووە نێو ئەو ناهەوسانگیە ئابووریەوە کە هێواش هێواش، کاریگەریەکی قووڵی لەسەر ئابووری هەموو ئەو وڵاتانە دانا، لەسەرەوویانەوە یەکێتی سۆڤیەت کە خۆی لە خۆیدا، ئامادە بوو بۆ پێشوازیی قەیرانێکی لەوجۆرە.

هەر بەو چەشنە، وەڵاممان بۆ پرسیاری لێکۆڵینەوەکەمان، لەمەدا پوختە دکەینەوە: هیچ ئابووریەک لە جیهاندا، ناتوانێت لە قەیرانە ئابووریە دەوریەکان دابڕێت بەبێ وەرچەرخانی یەکجارەکی ئابووریی جیهانی. وە کرێکاری سۆڤیەتییش، ناتوانێت ئازاد بێت، مادام کرێکاری بریتانی و ئەمریکی و یابانی و چینی و هەنگاری و سعودی و میسری هێشتا هەر کۆیلە بن و هیچیان نەبێت جگە لە ئامرازی بژێوی. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەیش، دەتوانن بڕواننە ئەوەی ڕوویدا لە دوای ٧٠ ساڵ لە سۆشیالیزمی برجوازی لینینی، سۆشیالیزم هەروەک بناغە مێژووییەکەی، واتە سەرمایەداریی، بوونی نیە وەک دیاردەیەکی جیهانی نەبێت.

بە زمانی عەرەبی بیخوێنەرەوە: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=331237

---

سەرچاوەکان:


(*) http://www.ukrweekly.com/old/archive/1988/458814.shtml

(**) http://www.icrc.org/eng/resources/documents/misc/5rfhjy.htm

(***) لينين، في الرقابة العمالية وتأميم الصناعة، ص 59، 104

(****) Country Studies: Former Soviet Union

أفلام الوثائقية عن المجاعات السوفيتية: http://www.youtube.com/watch?v=bRXWZl7LMIs